گشتە ئاسمانییەکانی نێوان عێراق و ماڵیزیا دەستپێدەکاتەوە



وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی رایگەیاند، لە مانگی (شوبات/2) گەشتی راستەوخۆی بەغدا – کوالالامپور دەستپێدەکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیای هەوای ئاسمانی عێراقی فڕۆکەی جۆری دریملاینەری دابینکردوە.

وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی لە راگەیەنراوەکدا باویکردوە، کۆمپانیای گشتی ئاسمانی عێراقی نیازی دەستپێکردنەوەی گەشتی راستەوخۆی نێوان بەغدا و کوالالامپور هەیە، لە مانگی (شوبات/2)ی ئەمساڵ، لە هەر گەفتەیەکشیدا گەشتکی ئاسمانی لەوجۆرە بردەست دەبێت.
ئاماژە بەوەشکراوە، جگە لەوەش بە نیازن پلانکی نوێی کارکردن بخەنەو کە فراوانکردنی تەکانی گشتی ئاسمانی و زیادکردنی بژاردەی گەشتیاران لە فڕۆکەخانە عێراقییەکان لەخۆبگرێت، بە شێوەیک ئاستی خزمەتگوزاری باشبێت و نرخەکانیشی گونجاو بێت.
لەو بارەیەوە مەناف عەبدولموئەعیم بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای هەلە ئاسمانییەکانی عێراق رایگەیاند، ئەو فڕۆکانەی بۆ گەشتی بەغدا – کوالالامپور دابین دەکرێن لە جۆری "دریم لاینەر"ن و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ گەشتیاران لەخۆدەگرێت.